# له هەولێر :

# سەرنووسەرو بەرێوبەری نووسینی دیدی نویٚ دەسگیر کران

ئەمرۆ بەیانی رێکەوتی 12 –10–2004 بەپێی بریارێکی دادگای هەولێر هەردوو رۆژنامەنووس خەلیل حەسەن زێوەیی سەرنووسەری رۆژنامەی دیدی نویٚو بەرێوبەری نووسینی هەمان رۆژنامە بەناوی بلّند مستەفا دەسگیر کران, ئەوەش لەئەنجامی بلآوکردنەوەی هەوالّێك هاتووە لەبارەی یەکگرتووی ئیسلامیەوە کە گوایە هەندێك کەلّ وپەلی قاچاخ ئاودیوی ئێران کردووە, وەلەبەرئەوەی یەکگرتوو بەم هەوالە تەواو نارەحەت بووە بۆیە شکاتی لەسەر رۆژنامەی ناوبراو تۆمارکردووە.. تائامادەکردنی ئەو هەوالە هەردووناوبراو لەبەندینخانەیمەحەتەی هەولێر بەند کراون, وە پێویستە ئاماژە بۆئەوەش بکەین کەپێشتریش سەرنووسەری هەمان رۆژنامە لە لایەن بەر پرسانی پارتیەوە بانگ کراوە, وەلەپەیوەندیەکی تایبەتدا سەبارەت بەو رووداوە بەرێز فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان پێی راگەیاندین کەئەوان وەکو سەندیکا لەپەیوەندیی بەردەوام دان لەگەلّ بەرپرسانیئیداریی و حزبی بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت ئەو دوورۆژنامەنووسە تاکاتی دادگایەکەیان لەوشوێنە بگوازرێنەوە ناکریٚ ئەوان لەگەلّ تاوانباران لەو شوێنەدابن.

جێی وەبیر هێنانەوەیە چەند رۆژێك بەرلەئێستا پەرلەمانی کوردستان رەزامەندیی دەربری لەسەرپرۆژەی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان, کەبەپێی یەکێك لەبرگەکانی ئەو یاسایە هیچ رۆژنامەنووسێك بەبیٚ ئاگادارکردنەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسان ناکریٚ دەسگیربکرێت